# پێویستە بایەخ بە مێژووی کورد بدەین

**حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ**
husin966@yahoo.com

هەرچەند نوسین بۆ یەکەم جارلە وولاتی میزۆپۆتامیا سەری هەڵدا بەلام جێگای مەخابن و ئەسەفێکی زۆرە کە تاکو چارەکی چوارەمی سەدەی رابردوو خوێندەواری لەناو کۆمەڵگای کوردیدا گەشەی نەکردبوو کێرڤی خوێندواری بە ئاستەم سفری تێپەڕاندبوو بۆیە دەبینین کتێبخانەی کوردی لە بواری کتێبە مێژوویەکان چ لە رووی دیرۆکی نوسین و چ لەرووی زمانی کوردی چ لە رووی خۆتەرخان کردن لەهەمبەر ناوەرۆکەوە بۆمێژووی کورد زۆر هەژار و بێدەرامەتە ، ئەمڕۆ ئەرك و وەزیفەی هەموو لایەکە بە تایبەت خاوەن خامە نوسەران و مێژوو ناسان هەوڵ و تەقەلاکانیان بخەینە گڕ بۆ نوسینەوەی مێژوو سەربوردەی هەر بستە خاکێکی ئەم کوردستانە چونکە لەوەتەی مرۆڤ هەیە کوردستان مەڵبەندی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ بووە بەردەبەلکان و ئەشکەوتەکانی ( شانەدەر و هەزارمێرد و .....هتد ) گەواهی دەری ئەو راستیەن ، کاتێك مرۆڤ ئەشکەوتی بەجێهێشت کۆمەڵگای بنیاتنا کوردستان بووە لانکی یەکەم شارستانیەت و گوندی چەرموو و کریم شار لایەنێکی زەقی ئەو شارستانیەتەمان بەرچاو دەخات کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە بنیات نراوە تاکو ئەمڕۆش ئاسەوارو پاشماوەی هەرماوە .

لە بەرایی سەدەی رابردووە نوسین و خوێندەواری پەرەی سەند بوو بەلام کۆمەڵگای بەشەری دووچاری جەنگێکی بێئامانی جیهانی بووەوە کە لەسەروەختی جەنگی یەکەمی جیهانیدا هێشتا تەم و مژی جەنگ و مەرگەسات و کاولکاریەکان نەڕەویبووە هێشتا دونیا بۆنی دوکەڵ و بارودو خوێنی لێدەهات ، هێشتا گرانی قات و قڕیتی و برسێتی و مەینەتی و هەژاری زیاتر تەنگی بەخەڵکی هەڵدەچنی هێشتا برینەکان بەسۆ بوون و خوێنیان لێدەچۆڕا ، لەو سەردەمدا مەسەلەی داگیرکاری و چاوچڵێسی زلهێزەکانی جیهان بۆ دابەش و پارچە پارچەکردنی ناوچە ژێردەست و داگیرکراوەکان تەوەری سەرەکی گفتوگۆ و دانوسان و کێشمەکێشەکانی ناو خۆی دەوڵەت و هێزە براوەی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو ، لەلایەکی ترەوە پرسە چارەنوسسازەکان بۆ یەکلای کردنەوەی چارەنووسی گەلان و نەتەوەکان هاتە ئاراوە ، بەشێك لە نەتەوەکان کەوتنە خۆ بۆ بەرگریکردن و بەگژاچوونەوەی داگیرکەران و بەدەستهێنانی مافە مرۆی و نەتەوایەتیەکانیان ، گەلی کوردیش لەو ئان و ساتە هەستیارو مێژوویەدا دریغی نەکردووە روبارێك خوێنی پێشکەش کردووە، بەلام دروست بوونی قەوارەی نەتەوایەتی و کیانی سیاسی و دەسەلاتی کارگێڕی هەرچەند لە ئاوزو و هزری کورددا بوو نەگەیشتە مەنزڵ ئەمەش رەنگدانەوەی لە سەر لە بەری بنیاتە ژێر خانی و سەر خانیەکانی کۆمەڵگای کوردی هەبووە کە مێژوو بەشێکە لەو سەرخانە .

ئێمە لە وولاتێکدا لە دایك بووین کە سەرباری ئەوەی رژێمە سەردەست و حوکمڕانەکانی کوردستان دەیانویست هەموو مۆرك و سیمایەکی کوردانەی ئەم نەتەوە و نیشتمانە بسڕنەوە لە پاڵ ئەوەشدا هەوڵیان دەدا مێژووەکەی بشێوێنن و بەهیچ کلۆجێك مێژووی کورد دیار نەبیت و نەنوسرێتەوە ، بەلام خۆشبەختانە ئەم میللەتە کۆڵنەدەرە خاوەن پێنوس و رێبواری ماندوو نەناسی ئەو کاروانە لە شوێنە جیا جیاکانی کوردستاندا هەڵکەتوون و جوامێرانە پێنوسەکانیان خستوەتە کار تاکو ئەو مێژووانە وون نەبن ، بەرهەمی ئەو کەسانەی کە تەنها و تەنها لە پێناوی زیندوو راگرتنی مێژووی کورد شەو و رۆژیان خستوەتە سەریەك و تێکۆشاون و هەستیان بە ماندوو بوون نەکردووە ، ئەگەر تەماشای ناوی مێژوونووسە بەناوبانگەکانی کورد بکەین هەر لە شەرەف خانی بەدلیسیەوە تاکو بەشێکی تری ناودارانی بواری مێژوو نوسی دەبینین زۆربەی هەرە زۆریان لە بنەرەتدا پیشەیان

**مێژوو نوسین نەبووە بەڵام هەست کردن بە بەرپرسیاریەتیان بەرامبەر بە میللەت و نەتەوەکەیان بە شێوەیەکی ئەکادیمی و پسپۆڕیەکی زۆرەوە کەوتونەتە تۆمار کردنی مێژوو ، نەوەکانی دوای خۆیان قەرزارن بە تەقەلا و پێنوسی ئەوان تەنها دانەوەی قەرزەکانیان بەو سێوەیە کە ئێمەمان بەردەوام بین لە سەر ڕێبازەکەیان کە فەرامۆش نەکردنی میژووە.**

**ساغ کردنەوەی مێژووی فەرامۆش کراوی ئێمەی کورد شەونخونی ماندوو بوونێکی زۆری گەرەکە ئەمەش بەهەوڵ و تەقەلا و هیمەتی شارەزایان و پسپۆڕانی ئەو بوارە دەستەبەر دەبێت ، بۆیە دەبێت لەم سەردەمدا کە دەرفتێکی زێڕینە بۆ ساغ کردنەوەی مێژووی کورد کە چەواشەکاری تێدا کراوە، دەبێت بە پێنوسێکی دڵسۆزانە و کوردانە و راستگۆیانە بنوسرێتەوە نەوەکانی داهاتووی پێ ئاشنا بکرێت و باشتر شارەزای مێژووی وولاتەکەیان بن .**